کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9-5-2007 17:48

## کردەوە تیرۆرییەکەی هەولێر بەتوندی شەرمەزار دەکەین ... مەکتەبی سیاسی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی (9) گوڵان کاتژمێر هەشت و پێنج خولەکی سەر لەبەیانی تیرۆریستێك بەکامیۆنێکی مینرێژکراوەوە هێرشی کردە سەر وەزارەتی ناوخۆ و لەبینایەی وەزارەتی ناوبراودا تەقییەوە و لەدەرئەنجامدا کوشتن و برینداریێکی زۆری لێکەوتەوە و زیانی ماددی زۆریشی بە دەوروبەری بینای وەزارەتەکە داوە.

وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، ئەو پەلامارە تیرۆریستییە بەتوندی مەحکوم و شەرمەزار دەکەین و سەرەخۆشی لەکەس و کاری قوربانیان دەکەین و هیوای چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین، ئەو کردەوەیە وەکو هێرش بۆ سەر دەستکەوتەکانی گەلەکەمان دادەنێین و وەکو هەوڵێك دەبینین بۆ توقاندنی خەڵکی کوردستان و پاشگەزبوونەوەمان لە داواکارییە ڕەواکانمان لەچارەسەرکردنی کێشەکانمان لەرێگەی دیالۆگ و گفتوگۆی سیاسیانەوە و گەڕانەوەی شاری کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی تر بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

هەر لەوکاتەی کە رایدەگەیەنین کە گەلەکەمان و هێزە سیاسییەکان بەو کردەوە تیرۆریستیانەیە چاوترسێن ناکرێن، بگرە سوورترمان دەکات لەسەر داکۆکیکردن لەسەر مافە ڕەواکانمان، لەهەمانکاتدا داوا لەدەزگاو هێزە ئەمنییەکانی هەرێم دەکەین کە ئەو ڕووداوە وەکو دزەیەکی ئاسایی نەبینن و بەکەموکورتییەکی جددی خۆیانی بزانن و هەوڵبدەن ئەوجۆرە کردەوانە دژ بەگەل و دەستکەوتەکانی دووبارە نەبنەوە، پێویستە دەسەڵاتدارانی هەرێم هەڕەشەکانی وڵاتانی هەرێمەکە و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بەجددی وەربگرن و لەئامادەباشیدابن و تەدبیری شیاو وەربگرن بۆ پووچەڵکردنەوەی هەر پلان و نەخشەیەك کە بۆ پەلاماردانی شارەکانی کوردستان و کوردستانیان بکاتە ئامانج.

دووبارە سەرەخۆشی لەکەس و کاری قوربانیان دەکەین و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین.

مەکتەبی سیاسی
پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان
9 گوڵانی 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.